# رزگاری پیرۆز بێتن

## ئەحمەد دەشتی

هۆخاکەکەم ، وەلاتەکەی شیرینەکەم
کوردستانم،خۆشەویستە دلگیرەکەم
وا بەهاری شادی ژیان
زەوی سەوزو رەنگین و جوان
گەرایەوە بە رزگاری
بە ئازادای و سەر بەخۆیی کوردەواری
کی لە واری خۆی سەربەستە
دوور ژێر دەستی و ژینی پەستە
وا دەگێرن جەژن و سەیران
چەندە شادن  دل ئازاد و
خاوەن ئالای  وەلاتیان
دەتۆش وەرە هۆ کوردەگیان
دەست لەدەست بە بەدل و بە گیان
پەیمان بدە بۆ کوردستان
بە دلسۆزی و بە هەستی پاك
گشت بەهاری ئازادی  ژیان
بە گۆوەند و بەزم و سەیران
بخەملینە لە کوردســــــتان
خەم لابەرە لە خاکی خۆت
گیانی پاکی کوردایەتی
بکە رەمزی  سەرکەوتنی خۆت
ویکران هەموو بۆ کوردستان
دەست لە دەست بن  ببنە قوربان
دەبا کوردیش یەك گرتوو بی
کوردستانمان لە گشت شتی پیرۆزتر بی
وا دوژمنی رەش و بۆرو سۆرەی جاران
لە سەنگەردان یەکگرتوونە دژی کوردان
هەموو کوردی لای وان یەکە
بۆ نەمانی کوردساتمان نامەردانە
هەست و بیرو چاویان یەکە
ئەگەر بیت و من لە ناو بەن

تۆش نەماوی و لە ناو دەچی
تۆش لە ناو بەن
داویان لە بۆ منە وەك تۆ
توخوا بەسە چیتر خۆتان مەدۆرینن
دەست لە ملی یەکتر  بکەن
سەربەخۆیی وەدەست بینن
وا رزگاربوو  خاکی شیرین
سەربەخۆبوو شاری دلم  هەتا حەمری
سا پیکەوە کوردایەتی با مەبەست بی
هەست و زمان لە ریی کوردو کودستان بی
سەدان سالە دوژمنانمان
پشووی ژیانیان لی بریوین
بۆ نیفاق ویەکتر کوژی سالەهای سال
هەست و بیری زۆریان کری
بەسیە هەموو بە یەك بوونمام
با رزگاری و سەربەخۆیی پیرۆز بکەین
لەم بەهارە کینەی دل ونەزانینمان
هەستی تەسکی دژ بە یەکتر، با توور بدەین
هیوای بەرزی  شەهیدانمانمان
بە یەکگرتن بۆ کوردستان وەدی بینین
سەربەخۆیی ورزگاربونمان لە دەست نەدەین
یەکگرتنە  هیمای ژیان
یەکگرتنە سەربەخۆیی گشت کوردستان
دەبا ویکران بە گیان و دل
ئەم سەرکەوتنە پیرۆز بکەین
جەژنی شادی و رزگاری کورد با سەربخەین
ئەوساکە من  هەرجەژنەمە
کە کورد یەك بی و سەر بەخۆبی نیشتمانم
ئالای کوردو نەخشەی خاکی کوردستانم
دیار بیتن لە سەر  ترۆپك و
گشت ئەتلەسی ناو جیهانم